# ئۆپۆزیسیۆنی كوردی و ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی كوردستان

ئاسۆ باوەجانی



ئاوردانەوەیەكی قووڵ وبێ لایەن لەمێژووی خەبات و ساڵەكانی تێكۆشانی نەتەوەیی ڕووونی دەكاتەوە كە ڕەوشی سیاسی ناوخۆیی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە كۆتاییەكانی سەدەی بیست و تەنانەت سەرەتاكانی سەدەی بیست ویەك تاكو هەنووكەشی لەگەڵ بێ، كاریگەری ئەوتۆی هێزولایەنەكانی نەتەوەیی لەچوارچێوەی ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی باڵادەست واتە كۆماری ئیسلامی ئێرانی لەسەر نەبووە. ئەگەرچی ڕەوشی سیاسی ناوخۆ دەبوایە ودەشبێ ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی ڕەوشی سیاسی حیزب و لایەنە كوردی و نەتەوەییەكان و تێكۆشانیان لە پێناوی ئامانجی خولقێنەر و پێكهێنەری ئەوان ببوایە، بەڵام بەداخەوە ئەم یاسایە هیچكات بە تەواوەتی لەسەر ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ڕاستی خۆی نەسەلماندوە.

لەساڵەكانی 90ی زایینی بەم لاوە كەحیزبەكان بەگشتی خەباتی شاخیان خستە ئەرشیڤی پرپیتی كوردایەتی و لە پرێك دا خەباتی شار و وەك خۆیان دەڵێن خەباتێكی هێمنانە و مەدەنییانەیان هەڵبژارد، بارودۆخی سیاسی چ بۆ حیزبەكان و چ بۆ گەلەكەمان لەناخۆدا ئاڵوگۆڕییەكی سەیری بەخۆیەوە بینی وبەنیسبەتی ڕابردووی خۆی نەكو هەڵزنین و سەركەوتنی گرتەبەر بەڵكو وردە وردە كەم ڕەنگ و كەم ڕەنگتر بوو, لەهەمان كاتدا خەباتی ناوخۆیی خستە قەیرانێكەوە و بەهایەكی قورس و قەرەبوونەكراوی بەجێ هێشت كە ئێستاش كە ئێستایە بە زەقی هەست پێ دەكرێ و ڕەنگە دۆخی ئاڵۆزی هەنووكە بەرهەمی ئەو وەستان و پەنگاومانەوە بووبێ، لەبەركو دەرفەتێكی زێرین بوو بۆ دوژمنانی گەل و كوردستان، كە بتوانن بۆ هەنگاوتنی ئامانجی قرێژیان پلان دارێژن و لەم ڕەوتەش دا بەئەو پەری داخ و ئەسەفەوە برێك خاڵی دەستنیشانكراویان پێكا.

بێشك نابێ ئەو حەقیقەتە لەكروكاشی هزری وتاوتوێكانمان دا داپۆشراو بهێڵینەوە كە حیزبەكان چ ئەو كات كە لە ناوخۆ دا بوون و چ سەردەمێك كە پێیەكی خەباتیان لەناوخۆ و پێیەكی كەیان لەشاخەكانی كوردستان بوو و ئێستاش كە لەباشووری كوردستاندان، هیچ كات هەستی خاوێنی نەتەوەیی گەلیان تێراو نەكردوە، واتە ئەو ئیدعایە كە خۆیان بە نوێنەری خەڵك و ئێرادەی نەتەوەی بەهەست و چەساوەی كورد لەڕۆژهەڵاتی كوردستان بزانن نەبووە.

كاتێك دەڵێین ڕۆژهەڵاتی كوردستان بێگومان باس لەپارچەیەكی وڵاتێكی دابەشكراو دەكەین كە دەبوایە و دەبێ حیزب و حیزبگەلێكی نەتەوەی بۆدەستەبەركردنی مافی سروشتی و مافە ڕەواكانی تێبكۆشێ، پاشان ئێرادەی نەتەوەییەك واتە یەكێتی و یەكبوون، یەكێتیەكی دیموكراتیكانە نە جوێ بوونەوە و لق لق بوون و خۆخەرێككردن بە زۆر شتی پشتگوێ خراو و پەراوێز كەوتوو كە دڵی دوژمنانی پێ شاد و هەستی گەلی پێ لاواز بكرێ.

ساڵەكانی وەستان، واتەوەستانی سیاسی-چەكداری لە ئاست گشتی كوردستان دا بۆشاییەكی گەڵیك مەزنی هێنایە ئاراوە، قەیرانێكی قەرەبوو نەكراو، زیانێكی نەتەوەی و غەدرێك بوو كەلەسەر گەلێكی بێ دەسەڵات و بێ دەرەتان خۆی سەپاند.

لەو سەردەمەدا كە جیلی كۆن ،مەبەستمان ئەوكەسانەیە كە سەردەمێك بەشداری شۆڕش بوون و ئێستاش لە كۆمەڵگەدان، ئەوان سەردەمی خەباتی شاخ و بەگشتی حیزبایەتی، لەهەمبانەی بیروەرییەكانیان دا ڕەنگی دابۆوە، ئەزموونێكی شۆڕشیان چەشت بوو، چەكیان دی بوو ،سیاسەتیان بینی بوو و لەناخەوە هەستیان بەزوڵم كردبوو، بەڵام بەهۆی بۆشایی باسكراو كە پاش دەیەی 90 بەم لاوە هاتەئاراوە و ئەوەی كە بەراستی حیزبەكان ئەوە نەبوون كەخەڵك پێی بحەسێنەوە وای كرد كەجیلی نوێ ڕێگەی شۆڕش و حیزبی بەلاوە نامۆ

بێت و نەتەوە و سیاسەت و خەباتی لا نائاشنا ، بەڵام راکێشەر بێت.

کەم جموجوڵی ناوخۆیی رۆژهەڵاتی کوردستان بەنیسبەتی حیزبەکان درێژەخایەن نەبوو ، کۆمەڵگەکەمان رێگەی پێشکەوتنی گرتبووەبەر و ئاڵ وگۆری لەهەمووی بوارەکاندا دەیبۆژاندەوە، حیزبەکان پاسیف ببوون بەڵام ، بەپێچەوانەوە خەڵک چالاک و شۆرشگێر، تایبەتمەندی چاوەروان بوون و بەتەمای حیزبەوە مان کوژراو و سەردەمێکی نوێ لەژێر ناوی سەرهەڵدانی کەسایەتی سەربەخۆ و نەتەوەپەرست هاتەئاراوە، ئەنجومەن گەلی جۆراجۆری کوردی وگروپ و دەستەگەلی تێکۆشەر کە لەخەڵک بوون و لەگەڵیان بوون هاتنە گۆرێ، دەسکەوتی باشیان دەستەبەر کرد لەگەڵ خواستی خەڵک بوون و حاشالەوەش ناکرێ کە لەحیزبەکان کاریگەری زۆرتریان داناوە، رەنگە ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەبێ.

پلانەکانی رژێم بەشوێن یەکدا ئاماجەکان دەپێکێ، بێکاری، هەژاری و نەداری، مادەی هۆشبەر لەدوو جۆری شیمیایی وسروشتی و زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی کەبەلای حیزبەکانەوە بەس دەنگیان بۆ بەرز دەکرێتەوە خەڵکیان خستۆتە تەنگانەوە ، بەهەمووی ئەمانە زۆرێک لەخەڵکی تێکۆشەر لە رێبازیان لانادەن وماندوبوونیشیان بۆ نیە. رێگەیەکی نەتەوەییان گرتۆتەبەر و باش دەزانن چارەسەری نەهامەتی و خواستەکانی وان بەندە بە تێکۆشان و بوون بە رێرەوی رێگەیەکی بەبایەخ و پردەسکەوت، واتە ناسیۆنالیزمێکی هاوچەرخ.

لەوەها دۆخێکدا دووکەشی جیاواز هاتەئاراوە بەو مانایە کە خەباتی خەڵک رێگەیەکی جیاوازی بەنیسبەتی خەباتی حیزبەکانەوە هەڵبژارد واتە ئەوەی کە حیزبەکان خستبوویانە پەراوێزەوە و کاتی خۆی گەلی چەوساوەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان تێگەیشتنیان لەسەر حیزبەکان ئەوە بوو ئەگەرچی ئاوەژۆش، ئێستا خۆیان لەکۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەژیان و تێکەڵی بوون و نەبوون و بوونیان بە بوون ونەبوونیانەوە بەندکرابوودەستیان بەتێکۆشان کرد و رەنگدانەوەی هەستێکی خاوێن بوو چون پێویستی خەڵک بوو و لەسەراب و مەراق خۆی بە دوور دەبینی.

کەشی دووهەم خەباتی حیزبەکان دەگرێتەوە، خەباتێک کەهیچ کات لەگەڵ ویست وخواستی نەتەوەکەمان دا یەکیان نەگرتەوە، خەباتێک کە خەڵکی لەخۆی دوورکردەوە، سنوری بۆخۆی دانا و بەزۆری خۆی قەتیس کرد. خەباتێک کەپاش هاتنی زلهێزان بۆ رۆژهەڵاتی ناوین و پاش لەناو بردنی دوو حکومەتی دیکتاتۆر گری گرت و کوانووی سارد و سری حیزبەکان شەمچە گەرمایەکی بە خۆیەوە بینی.

ئەگەرچی دۆخێکی واش دەتوانێ هەڵێکی رەخساو بێ بۆ وەرچەرخانێک بەمەبەستی دەستەبەرکردنی قازانج و مەنافعی نەتەوەیی، بەڵام بەداخەوە سەردەمی وەستانی سیاسی دەرنجامێکی زۆر نگاتیڤی بوو، لەشوێن خۆدا مانەوەیەک بوو کە لە بەربەرەکانێی سەدەی بیست ویەکەمی دا چەندەش نەفرەتت هەبێ هەر لە پاشەوە دەبی و هەر پاشکۆ دەمێنیتەوە. پێکهاتەی حیزبەکان ئاڵوگۆری بەسەردا نەهاتبوو بەڵام ئەوە کەتمان ناکرێ کە چوارچێوەی داخوازی حیزبەکان ئاوەڵاتر ببوو، بۆ وێنە: فیدرالیزمیان هێنایە پێشەوە.

پێکهاتەی کۆنی حیزبەکان زەرفییەتی سەدەی بیست ویەکەمی نەبوو، زۆر کێشە وەک خۆی چارەسەر نەکراو مابووەوە و بەهۆی هۆکاری تایبەتی حەشاردرا بوو، لەبەر ئەوەش ئۆپۆزیسیۆنی کوردی یەکجار و لە ماوەیەکی کورتی زەمەنی دا تووشی قەیرانێکی سەرسوورهێنەر هات کە لەکارەساتەکانی سەیری تەمەنی حیزبایەتییە لە مێژووی کوردایەتی وتەنانەت لەمێژووی ئیدۆلۆژیکیش دا.

حێزب و حیزبەکان بێ خەبەر لەوە کە بیروهزری گەلەکەمان لەناوخۆدا شتێکی دیکەیە و دیسکۆرسیان نوێ تر و بە زۆری نەتەوەپەرەستن تائەوەی کە دروشمی نەتەوەپەرەستی بۆ پرکردنەوەی ریزەکانی خۆیان بەرزکەنەوە و تەنانەت نەتوانن تەمسیلێک بن لە هەستی پاکی نەتەوایەتی بۆگەنجانی تازە پێگەیشتوومان لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

حیزبەکان هەر هەمان بوون و لەم روانگەشەوە کە دەبینرێن و لەم دیمەنەشەوە کە دەنوێنن هەمان

دەمێننەوە. ڕەنگە حکومەتی هەرێمیی باشووری کوردستانیان کردبێتە پێوان، ئەگەر وا بێ تووشی هەڵەهاتوون ئەگەریش نا، دەبێ ئاگاداریان کەینەوە کە ناراستەخۆ سەردەمی تێکۆشان بۆ پارلمان و کۆرسی زۆرتر و خۆباڵادەست کردنیان وەک ڕێچکەوستراتژی دەمدرێژ هەڵبژاردوە کە بەداخەوە ئێستا کاتی یەکێتیە، یەکێتیەکی دیموکراتیکانەیە کە خواست و ویستی گەلێکە نە خۆ بەدوور گرتن و پلان ڕشتن و خەت و نیشان دانان.

هەر کەس و خۆی بە دەستاوێزێک لەسەر کاریگەر نەبوونی چالاکییەکانی تەیار کردوە یەک دەڵێ لە خەڵک دورین، ئەوی دی ناراستەوخۆ لەگەڵ خەڵکین.

هاوڕێیان و خۆشەویستان و برایان خۆشکان چیدی با لەمە زیاتر خۆمان نەخەڵافێنین و بوێر بین، ئایا ئەو دەستاوێزانە و بیانوی لەوچەشنەش چارەسەری بۆ نابینرێتەوە، ڕێگەیەکی زۆرئاڵۆزاو و شێو نیە سەدەی بیست ویەکەمە و سەدرەمی تەکنۆلۆژیا، کۆڵێک ڕۆژنامە و سایت و لەهەموو گرنگ تر کەناڵی ئاسمانیەمان هەیە ئەگەر بتوانین و بمانەوێ لەماڵی خەڵک داین و ئەوەی کەخەڵک دەیەوێ پێشکەشیان دەکەین ئەگەریش نا ئەوە شتێکی دیکەیە. واش بۆی بچین کە تاسەی خەڵکمانە و هەست دەکەین ناراستەخۆ لەگەڵیانین جا لێرەدا چارەسەری گەرانەوە بۆ شاخەکان و ناو گوند ودێ و چەک بەدەستەوە گرتنە.

بەم جۆرە کاریگەر نەبوونی خەبات و لەبارەنەبوونی ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پێ ی تەمەنی چالاکییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دووخاڵی گرنگ:

<u>یەکەم:</u> دەبێ بەو ڕاستییە گەیشتبین کە کێشەی ئێمە کێشەیەکی نەتەوەییە و لەهەر جۆرە کێشەیەکی دیکەخۆی بەدوو دەبینێ.

<u>دووهەم:</u> بە پێی ئەوەی کە کێشەی ئێمە نەتەوەییە بە پێچەوانەوە دیسکۆرسی حیزبەکان نەتەوەیی نیە. زۆرتر حیزبی و پاشان پێچەوانەی نەتەوەپەرەستیە ، هەرلەبەر ئەمەش تا هەنووکە ئامانجی گەلمان نەپێکاوە.

بوو نموونە سێ کەناڵی ئاسمانی و چەند ڕۆژنامەیەک و چەند گۆڤارێکمان هەیە، ئێستاش سێ پرسیاری هەمیشەیی: ئایا کامەیان تەمسیلی نەتەوەیەکەن بەناوی نەتەوەی کورد؟ کامەیان تەمسیلی وڵاتێکن بەناوی کوردستان یا باشتر وایە بڵێن بەشێک لە وڵاتێکن بەناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟ ئایا بێجگە لەوەیە کە کەنالەئاسمانیەکانمان کەناگەلێکی ئیدۆلۆژێکین وبەهایەکی ئەوتۆ بۆ گەلێک کەخۆیان بە نوێنەریان دەزانن نادەن؟

حەقیقەت و واقعیەت لەوەدایە کە ئەوان نوێنەری توێژێکی زۆر زۆر کەمی کۆمەڵگەیەکی 12،10 میلیۆنین. باحاشا لەوەش نەکەین هەمووی جوێ بوونەوەکان و لق لق بوونەکان و دژایەتی و دوژمنایەتی لە بیرۆراکان دا و سەرهەڵدان و دامەزراندنی حیزبی نوێ لە نەبوونی دیسکۆرسی نەتەوەی حیزبەکانەوە سەرچاوەدەگرێ.ئالێرەدا دەبێ بوەستین و پێداچوونەوەیەکی قوڵی خۆمان بکەین.

بەراستی تاکەی وەک ئەوانی تر بوون؟ ئایا وەک خۆ بوون وەک گەلێک بوون نوێنەری نەتەوەیەکی چەوساوە، هەژار ، بن دەست و مەزڵوم لە ناخیاندا نابینرێتەوە؟

هاوڕییان و خۆشەویستان گۆرینی ڕەوشی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە قازانجی گەلێک پێشەوە خستنی کوردایەتییە نەکو حیزبایەتی،ئەگەر لە دۆخێکی لەم چەشنە کە هەموومان بێ جیاوازی تێیداین بە ڕۆحێکی نەتەوەیی و خاوین بۆ گۆرانکاری و یەکێتی تێنەکۆشن بێگومان حیزبایەتی کوردایەتیمان پێ دەدۆڕێنێ.

ئێترسپاس

ئاسۆ باوەجانی (بەرپرسی ئۆرگانی ڕاگەیاندنی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان–ڕۆژهەڵات"
Contact: Aso_bawecani@yahoo.com

Dengekan